KURDISTAN NET کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

# پەڵەیەک بە تەوێڵی پارتییەوە

حەمەسەعید حەسەن

بۆ ئەوەی شارەزای وێرانەی دەروونی عەبدوڵڵا ئاگرین بن و کرۆکی بناسن، ئەو جنێونامانە بخوێننەوە کە ماوەیەکە بە کۆمەڵێک ناوی جیاوازاوە کە پێشتر کەس نەیبیستوون، لەو سایتەوە کە ئۆرگانی کۆمەڵەی جنێوفرۆشانی کوردە، بڵاویان دەکاتەوە. ئەوەتا ئەو وەک ڕاهاتووە، بۆ گەیشتن بە مەرامی پۆخڵی خۆی، هانا بۆ پیسترین زمان دەبات، سەنگەرێک هەڵدەبژێرێت کە زەلکاو لە چاویدا گوڵزارە و تەنانەت بۆ دژایەتیکردنی نەیارانی خۆی، بە مەتەرێزی دوژمنانی حیزبەکەشیەوە پێوەست دەبێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەدا کە لە ڕێی کوردستان نێتەوە، بە زنجیرەیەک نووسین سەبارەت بە عەبدوڵڵا ئاگرین بڵاوم کردنەوە، پدک نەک هەر پۆستی حیزبی، تەنانەت کلیلی ماشێنی حیزبیشی لێ سەندەوە. ئەوە شیاوی ستایشە کە پارتی بە چاوی ڕێزەوە، سەرنجی نووسینی نووسەرانی ڕاستگۆ بدات، ئەوە مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە کە عەبدوڵڵا ئاگرینی دەست لە بنی هەمانە دەرچوو، بە ناوی خۆیەوە داوایەکم لەسەر تۆمار بکات کە سوور بزانێت دەیدۆڕێنێت و بە کۆمەڵێک ناوی حەرەکیشەوە پیسترین جنێوم پێ بدات، وەک نەزانێت، تا جنێوی قورستر بدات، پێی سووکتر دەبێت.

من پار لە **شەشی یازدە**دا ستوونێکم لەسەر ئاگرین نووسی، ئەوی شپرزەی دەستی ئەو ستوونە، ئەمساڵ لە **یازدەی شەش**دا، لە چوارڕیانی سەلاحەدین خۆی کرد بەژێر تانکەرێکدا.‹*› ئەگەر چی خۆشبەختانە برینەکەی سووکە، وەلێ من چونکە توند توند وابەستەی ‹ڕێککەوتننامەی جنێف›م، بۆیە ئیدی تا نەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، نایدەمەوە بەر ڕێژنەی ڕەخنە، ئاخر بە گوێرەی بڕگەیەکی ئەو ڕێکەکەوتننامەیە، مافی ئەوەمان نییە، تەقە لە بریندارێک کە توانای داکۆکی لە خۆکردنی نەبێت، بکەین. باش بوو تانکەرەکە بانزینی تێدا نەبوو، ئەگەر نا، عەبدوڵڵا ئاگری دەگرت و ئەو نازناوەی کە پێمان وایە پێی حەرامە، حەڵاڵی دەکرد.

2004. 06. 13

(*) سایتی www.peyamner.com ڕۆژی ۲۰۰٤/٦/۱۲